www.kurdistannet.org

# کەرکووک

حەمەسەعید حەسەن

ڕزگار عەلی کە دەمڕاستی یانوونکافە لە کەرکووک، لە ڕادیۆی (سەوا)وە دەڵێت: (کەرکووک شارێکی کوردستانییە، بەڵام کوردی نییە.)* ئەمە تەنیا قسەی ئەو نییە، بەڵکوو قسەی خودی سکرتێری یەکێتیشە کە ساڵانێکی دوور و درێژ بە لێدانی قەوانی (کەرکووک قودسی کوردستانە،) گەمەی بە هەستمان دەکرد. ینک بێ گوشار وازی لە ٥٠٪ ی کەرکووک هێناوە و قایلە بەوەی شارێکی کوردی نییە، ئەگەر تۆزێک گوشاری بۆ بێت، واز لە نیوەکەی تریشی دەهێنێت و دەڵێت: کەرکووک نە کوردستانییە، نە کوردی. ینک پێی خۆش بێت یان نا، کەرکووک چونکە:

(١) دەکەوێتە نێو جەرگەی کوردستانەوە، (٢) زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی گوند و شارۆچکەکانی دەوروبەری کوردن، (٣) زۆربەی دانیشتووانی نێوی کوردن، شارێکی کوردییە.

لە بەغدا دەوروبەری یەک ملیۆن کورد هەیە، ئایا هێشتا لە هیچ عەرەبێکتان بیستووە، بڵێت: بەغدا شارێکی عێراقییە، بەڵام عەرەبی نییە! تاران تژییە لە کورد، ئایا هەرگیز لە فارسێکتان بیستووە، بڵێت: تاران شارێکی ئێرانییە، بەڵام فارسی نییە! لە ئاستانبووڵ سێ چوار ملیۆن کورد دەژین، ئایا قەت لە تورکێکتان ژنەوتووە بڵێت: ئاستانبووڵ شارێکی تورکیاییە، بەڵام تورکی نییە!

هەندێک کەس گلەیی ئەوەیان لە ینک هەیە کە لە کەرکووکدا، ئاڵای بەعسی بڵند کردووەتەوە، وەک ئاگایان لەوە نەبێ، ئاڵای بەعس، ئەوی سەددام بە دەستخەتی خۆی لێ نووسیوە: ألله أکبر، لە قەڵاچوالانیش دەشەکێتەوە!

2003. 09. 15

* بڕوانە سایتی www.puk.org (انباء کردستان)ی ڕۆژی ٢٠٠٣/٩/١٤